www.iman1.com

بەشیسێیەم:سوپای ئوسامەوجیهادی(الصدیق)دژی هەڵگراوەكان:

دووەم: جیهاد و تێكۆشانی ئەبوبەكر لە دژی هەڵگەڕاوەكان

یەكەم: پێناسەی (هەڵگەڕاوە) و هەندێ ئایەت كە موسڵمان لە ترسناكی (هەڵگەڕانەوە ـ ئاگادار دەكاتەوە):

یەكەم: پێناسەی هەڵگەڕانەوە (الرّدة).

ئەوەی نەوەوی پێناسەی هەڵگەڕانەوە دەكات دەڵێت: دابڕان لە ئیسلام لە نیەتدا یان بە كوفر كردن یان كردەوەیەكی كوفر، ئیتر با بە گاڵتە بیڵێ یان لەسەر كەشیدا یان باوەڕی وابێ، هەر كەس گومانی لە بوونی خوا یان پێغەمبەران یان پێغەمبەرێك بە درۆ بخاتەوە یان حەرامێك كە لای هەمووان بە كۆی دەنگ حەرامە ئەو بە حەڵاڵی بزانێت وەك (داوێن پیسی و بە پێچەوانەشەوە، یان بەشێك بلێن پێویست ناكات و(واجب) نی یە لە كاتێكدا لەلای هەموو زانایان (واجب) بێت یان بە پێچەوانەنەشەوە، یان نیازی كردبێت بەبێ باوەڕ یان بیروباوەڕی ڕاڕا بوو، ئەوە كافر و بێ باوەڕ بووە.[1]

بەڵام (ابن حزم الظاهري) بەم جۆرە پێناسەی دەكات: هەر كەسێك خەڵكی هەموو لە موسوڵمانیەتەكەی دڵنیا بن و بێجگە لە ئیسلام بە هیچ بەرنامەیەك ڕازی نەبێت و لە ناكایەكدا بۆیان دەركەوت وازی لە ئیسلام هێناوە بووە بە گاور و جوولەكە یان هەر ئایینێكی تر یان هەر بۆتە بێ ئایین.[2]

(ابن عليش ماكلي) لە پێناسەكەیدا دەڵێت: موسوڵمان بێباوەڕ ببێتەوە بە وتەیەكی ڕاستەوخۆی پێچ و پەنا، یان وشەیەك تەنها بێباوەڕی بگەیەنێت، یان كردەوەیەك ئەو مانایە بدات بە دەستەوە.[3]

---

[1] ـ محمد الزهري الغمراوي شرح على متن المنهاج لشرف الدين النووي (لا: ٥١٩).
[2] ـ المحلى (١١:١٨٨).
[3] ـ أحكام المرتد للسامرائي (لا: ١٨).

(عثمان الحنبلي)یش وا پێناسەی دەكات: لە وشەی گەڕانەوە بۆ دواوە وەرگیراوە وەك خـوای گـەورە دەفـەرموویت: ﴿وَلَا تَرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَارِكُمۡ ﴾ المائـدة: ٢١) واتـە: پشتاوپـشت مەگەڕێنەوە، واتە: لە ئیسلام، بەڵام لە شەرعدا ئەمەیە: هەر كەسێك هـەر شـتێك بكـات كـە پاش موسوڵمانیەتی بەرەو بێباوەڕی ببیات.[٤]

مانای وایە هەر كەسێك ملەجەڕێ لە شتێكدا بكـات كـە لـە ئیـسلامدا زۆر ڕوون و ئاشـكرا بێت وەك نوێژ، ڕۆژوو، زەكات، پێغەمبەرایەتی و دۆستایەتی باوەڕداران یان قـسەیەك، یـان كردەوەیەك بنوێنێت كە بێجگە لە بێباوەڕی هیچ پاساوێكی تری نەبێت.[٥]

دووەم: هەندێك ئایەتی قورئان كە ئاماژە بۆ هەڵگەڕاوەكان دەكات.

خوای گەورە لە قورئانی پـیرۆزدا هەنـدێ دەسـتەواژەی بـەكار هێنـاوە كـە ئاماژەیـە بـۆ پیـسی و دەردەتـاكی هەڵگـەڕاوەكان لـە ئایینەكـەی، لەوانـە گەڕانـەوەی بـۆ دواوە یـان پشتاوپشت یان وەرگەڕانی زەرەرمەند، سڕینەوەی دەم و چاو، گەڕانەوەی هەردوو دەست بۆ ناو دەم، گومان كردن و ڕاڕایی و ڕوو ڕەش بوون.

خـوای گـەورە دەفـەرموویت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمۡ عَلَىٰٓ أَعۡقَـٰبِكُمۡ فَتَنقَلِبُواْ خَـٰسِرِينَ ﴾(ال عمـران: ١٤٩) واتـە: ئـەی بـڕواداران ئەگەر بە قسەی بێباوەڕان بكەن لە ڕێگا لاتان دەدەن و خەسارومەندتان دەكەن.

هـەروەها دەفـەرموویت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَـٰبَ ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلۡنَا مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبۡلِ أَن نَّطۡمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَىٰٓ أَدۡبَارِهَآ أَوۡ نَلۡعَنَهُمۡ كَمَا لَعَنَّآ أَصۡحَـٰبَ ٱلسَّبۡتِۚ وَكَانَ أَمۡرُ ٱللَّهِ مَفۡعُولًا ﴾ (النـساء: ٤٧)، واتـە: ئـەی گـاور و جوولەكـە بـڕوا بهێـنن بـەو كتێبـەی ناردوومانەتە خوار، كە باوەڕی بە كتێبەكانی ئێوە هەیە، پێش ئەوەی هەنـدێك دەم و چـاو لەناو بەرین یان هەڵیان گێڕینەوە بۆ دواوە یان نەفرەتیان لێ بكـەین هـەروەك چـۆن پێـشتر نەفرەتمان لە دەستەی ڕۆژی شەممە كرد، با بزانن خوا كاری خۆی جێبەجێ دەكات.

لە تەفسیری(ابن كثیر)دا هاتووە دەڵێت: (طمس)واتە: كوێریان دەكەین، (ونردها على ادبارها)، واتە: چاویان دەبەینە پشتی سەریان، ئەمەش ئەوپەڕی تۆڵەوسزایە بۆیان، ئەمەش نموونەیەكی جوانە خوای گەورە دەیهێنێتەوە كە ئەوانە لە ڕاستی لایاندا و گەڕاندنیەوە سەر ناڕەوایی، لە بەرچاوڕۆشنیەوە بردنیەوە بەرەو گومڕایی، هەر ڕا دەكەن و پاشە و پاش بۆ دواوە تێ ئەتەقێنن.[٦]

---

[4]- حركة الردة: د. علی العتوم (لا:١٨)، ئەم كتێبە گرنگترین سەرچاوەیە لە مەسەلەی هەڵگەڕانەوەدا.
[5]- هەمان سەرچاوە، (لا:١٨٠).
[6]- تفسير إبن كثير (١:٥٠٧-٥٠٨)،طبعة حلبي.

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ ۚ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴾ (ال عمران: ١٠٦).

واتا: ڕۆژی قیامەت کۆمەڵێ ڕووسپی و کۆمەڵێ ڕووڕەش دەبن، ئەوانەی ڕوویان ڕەش دەبێت، پێیان دەڵێن: ئەوە پاش باوەڕهێنان کافر بوونەوە دە بخۆن سزای سەخت لەبەر ئەو بێباوەڕیەتان.

(قرطبي) کۆمەڵێك ڕای لەسەر ئەوئایەتە هێناوە لەوانە ڕای(قەتادە) کە فەرموودەیەکی ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە، دەڵێت: ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو ئایەتەی پێشوو باسی هەڵگەڕاوەکان دەکات، کە پێغەمبەری خوا دەفەرموویت: «یرد علی الحوض یوم القیامة، رهط من أصحابي فیجلون عن الحوض فاقول: یا رب أصحابي، فیقول: انك لا علم لك بما احدثوا بعدك، أنهم إرتدوا علی أدبارهم القهقری».[7]

واتا: لە ڕۆژی دواییدا کۆمەڵێك لە هاوەڵانم دەیانەوێت بێنە سەر حەوزی کەوسەر بەڵام نایەڵن منیش دەڵێم: خوای گەورە ئەوانە هاوەڵی منن، ئەویش دەڵێت: تۆ نازانیت دوای تۆ چیان کردووە و چیان داهێناوە و ئەوانە پشتاوپشت بۆ دواوە گەڕانەوە.

لەڕیوایەتێکی تردا لە (إبن عباس)ەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت ((یجاء برجال من أمتي فیؤخذ بهم ذات الیمین، فاقول: أصحابي، فیقال: إنك لا تدري ماأحدثوا بعدك، فاقول کما قال العبد الصالح: ﴿ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ ﴾ (المائدة:١١٧)، واتە: لەدوا ڕۆژدا پیاوانێکی ئومەتم دێن بۆ سەرحەوز، بەڵام بەم لاو لادا ڕاویان دەنێن منیش دەڵێم: هاوەڵی منن، دەڵێن: تۆ نازانیت دوای تۆ چیان داهێناوە، منیش دەڵێم: هەر وەك چۆن بەندەی پیاو چاکی خوا بە قەومەکەی وت: «ئەی خوایە گیان من تا لە ناویانا بووم بەر پرسیارم، کاتێك منت مراند ئیتر خۆت چاودێر بووی بە سەریانەوە، دەڵێن: ((إنهم لم یزالوا مرتدین علی أعقابهم منذ فارقتهم)).[8]

واتا: ئەوانە لەوەی تۆ لە ناویاندا نەماییت پاشگەز بوونەتەوە لە ئایین.

سێیەم: هۆیەکانی پاشگەزبوونەوە و جۆرەکانی

ئەو پاشگەزبوونەوەیەی کە هۆزە عەرەبەکان پاش وەفاتی پێغەمبەری خوا ﷺ کردیان کۆمەڵێك هۆکاری هەبوو: لەوانە: ئەبلەق بوون بە مردنی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئایین لاوازی و تێنەگەیشتن لە دەقەکان، بیرکردنەوە لەسەردەمی نەفامی و وازهێنان لە ڕەوشتە بەد

7_ تفسیر القرطبي (٤:١٦٦).
8_ الخصائص الکبری للسیوطي (٢:٤٥٦).

خوەکان و لـە یاسـا دەرچـوون، هەسـتان دژی دەسـەڵات ڕەوایـی شـەرع، ڕەگـەز پـەرسـتی پێشوو، یان دەسکەوتنی موڵك، کاسبی کردن لەسەر حیسابی ئـاین و پـارە خـۆش ویـستن، حەسوودی و ئێرەیی، کاریگەری بێگانە وەك ڕۆڵـی جوولەکـە و ئـاگر پـەرسـتەکان،[9] لەسـەر هەموو ئەم هۆکارانە دەدوێین (انشاء الله تعالی). بەڵام جۆرەکانی: هەبوو بە یـەك جـار و بـە تەواوی وازی لە ئیسلام هێنـا و گەڕایـەوە سـەر بـت پـەرسـتی، هەنـدێکی تریـان بانگەشـەی پێغەمبەرایەتی خۆی دەکرد، هەنـدێکیان بانگەشـەی وازهێنـان لـە نوێـژ و هەنـدێکی تریـان لەسەر ئیسلام و نوێژەکانیان بـەردەوام بـوون بـەڵام زەکاتیـان نـەدەدا، هەنـدێ شـاکامیان دەبڕی بە پێغەمبەری خواﷺو گەڕانەوە سەر ڕەوشتی سەردەمی نـەفامی و هەندێکیـشیان واقیـان وڕمـابوو، ڕاڕابـوو سـەیری دەکـرد بزانێـت مەسـەلەکە بـەرەو کـوێ دەڕوات، هـەموو ئەمانە زانایانی فیقهـ و مێژووناس ڕوونیان کردۆتەوە.

(الخطابي) دەڵێت: هەڵگەڕاوەکان دوو جۆرن: جۆرێکیان لە ئاین هەڵگەڕانەوە و لە ئومەت چوونە دەرەوە و بێباوەڕ بوونەوە، ئەمەش دوو دەستەن:

دەسـتەی یەکـەم: تاقمەکـەی موسـەیلەمەی درۆزن لەبـەنی حەنیفـەو کەسـانی تـریش کـەباوەڕیان پێکردبـوو لەبانگەشـەی پێغەمبەرایەتیەکـەی، تـاقمی ئەسـوەدی عەنـسی و ئەوانەشی بە دەمیەوە هاتبوون لە خەڵکی یەمەن و کەسانی تریش، ئەم دەستەیە بەگشتی باوەڕیان بە پێغەمبەریەتی محمدﷺ نەمابوو بەڵکو خۆیانیان بەپێغەمبەر دەزانی.

دەستەی دووەم: لە ئاین پاشگەز بوونەوە و شەرعیان ڕەت دەکردەوە و وازیان لـە نوێـژ و ڕۆژو و زەکات هێنا و گەڕانەوە سەر ڕێڕەوی نەفامی ئەوسایان.

جۆری دووەم: جیاوازیان دەکرد لە نێوان نوێژ و زەکاتدا و بە نوێژکردن ڕازی بوون بەڵام ملەجەڕێی زەکاتیان دەکرد کە فەرز بێت و دەبێت بـدرێت بـە خەلیفـە.[10] لـەناو ئـەو زەکـات نەدەرانەدا هەبوو خۆی زەکاتی دەدا بەڵام بەرگری لە خـەڵکی نـەدەکرد کـە بیـدەن، بـەڵام سەرۆکەکانیان دەستیان گرت بە سەریاندا و بەرگریان لێ کردن.[11]

لەم دابەشکردنی جۆرەکـانی هەڵگەڕانـەوەدا نزیکـە لـەو جۆرانـەی قـازی (عیّـاض) نـاوی بردوون کە لای ئەو سێ جۆرن:

١ـ کۆمەڵی گەڕانەوە بۆ بت پەرستی.

---

[9] ـ حركة الردة، على العتوم (لا: ١١٠ـ١٣٧).

[10] ـ شرح صحيح مسلم للنووي (١:٢٠٢).

[11] ـ هەمان سەرچاوە (١ـ٢ـ ٣).

2ـــ کۆمــەڵێك شــوێن موســەیلەمە و ئەســوەدی عەنــسی کــەوتن، کــە پاگەنــدەی پێغەمبەرایەتیان دەکرد.

٣ـ کۆمەڵێك لەسەر موسوڵمانەتی مانەوە، بەڵام دەیان وت زەکات پێویست (فرض) نیـە و بەوە تەئویلیان دەکرد کە گوایە زەکات تایبەت بووە بە سەردەمی پێغەمبەرەوەﷺ.[12]

د. عبدالرحمن صالح محمود هەڵگەڕاوەکان دەکات بە چوار بەشەوە:

١ ـ کۆمەڵێك گەڕانەوە سەر بت پەرستی.

٢ ـ کۆمەڵێك شوێن پێغەمبەرانی درۆزن کەوتن موسەیلەمە و ئەسوەد عەنسی.

٣ ـ کۆمەڵێك باوەڕیان بە پێویستی دانی زەکات نەمابوو.

کۆمەڵێك باوەڕیان پێی مابوو بەڵام دەیان وت نایدەین بە ئەبو بەکر.[13]

چوارەم: پاشگەز بوونەوە لە دوا ساتەکانی سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا

ئەم لە ئیسلام پاشگەز بوونەوەیە لە ساڵی نۆیەمی کۆچیەوە دەستی پێکرد کە بە ساڵی شاندەکان ناسرابوو، ئـەو ساڵە بـوو کـە کەنداوی عـەرەبی بـە گشتی هـاتن و ملکەچـی و موسـوڵمان بـوونی خۆیـان دەربـڕی لـە ڕێگـەی سـەرۆکەکانیانەوە کـە لـە هـەموو لایەکـەوە دەهاتن بۆ مەدینە.

بزاڤی پاشگەز بوونەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەرنەکەوتبوو، تا کۆتـایی سـاڵی دەیـەمی کۆچی کە ساڵی حەجی ماڵئاوایی دەکـات لـە پێغەمبـەری خـواوە دوا حـەجی کـرد و تیایـدا ئێش و ئازار هات بۆ پێغەمبەر و پێیشی کۆچی دوایـی کـرد و بـەو بۆنەیـەوە چاوپۆشـی لـە خەڵکی دەکرد.

وردە وردە ژیلــەمۆی ژێــر خۆڵەمێــشەکان گەشــە دەبــوون، ئــەژدیها کــەم کــەم لــە کونەکانیانەوە سەریان دەردەهێنا و ئەوانەی دڵ نەخۆش بوون وێرایان لـە سـنووری شـەرع دەربچن، ئەسوەدی عەنسی لە یەمەن و موسەیلەمەی درۆزن لە یەمامـە و (طليحـة الاسـدي) لە ناو هۆزەکەی خۆیدا ئەم کارەیان ئاشکرا کرد.[14]

لەبەر ئـەوەی ترسـناك تـرین هەڵگـەڕاوەکان موسـەیلەمەی درۆزن و ئەسـوەدی عەنـسی بوو، کە سوور بوون لەسەر بەردەوام بوون لەسـەر ڕێـڕەوی خۆیـان و بـەبێ ئـەوەی بـیر لـە ئاکامەکانی بکەنەوە، هیزی گەورە و توانای مادی زۆریان لەبەر دەستدا بوو.

12ـ فتح الباري (١٢:٢٧٦).

13ـ الحكم بغير ما أنزل الله، د. عبدالرحمن صالح المحمود(٢٣٩).

14ـ حركة الردة (لا: ٦٥).

خوای گەورە دڵـی پێغەمبەرەکـەی و ئـەویش دڵـی ئومەتەکـەی خـۆش کـرد و جارێکیـان لەسەر بڵندگۆکەی خۆی وتاری دەدا و دەیفەرموو: ((أيها الناس، اني قد أريت ليلة القدر، ثم أنسيتها، ورأيت انّ في ذراعيّ سوارين من ذهب فكرهتهما، فنفختهما فطاراً، فاوّلتهما هذين الكذابين: صاحب اليمن وصاحب اليمامة)).[١٥] واتە: ئەی خەڵکینە، من لـە خەومـدا شـەوی بـە قەدرم (قدر) پیّ نیشان درا، بـەڵام بـیرم برایـەوە و لـە قۆڵمـدا دوو بـازن هـەبوون، ئـاڵتوون بوون، زۆرم پیّ ناخۆش بوون، فووم لیّ کردن، چوون بە هەوادا، بەوە خەو پەرژێنی دەکەم: کە دوو درۆزنەکەن، ئەوەی یەمەن و ئەوەی یەمامە.

زانایان خەو پەرژێنەکەیان بەم جۆرە لێك داوەتەوە و دەڵێن: بە فـوو واتـە بـە خـۆی لـە ناویان نابات و ناونانیان بە ئاڵتون واتە درۆزن و چاو خەڵەتێن بە بە باق و بریق، بازنی قۆڵ واتە سەر گەورەن چونکە پادشایان بازنیان لە قۆڵ کردووە و بە قۆڵمەوە بوو واتە ماوەیەك موسوڵمانان بەو هۆیەوە نیگەران و شپرزە دەبن وەك چۆن باز و بەند ناخۆشە بۆ باڵ.[١٦]

د. علی العتوم ئاوا خەو پـەرژێنی کـردووە و دەڵێـت: بـە فـوو چـوون بـە ئاسمانـا مانـای لاوازی فـرت و فێڵیـان دەگەیـەنێت، چـونکە کـەفی سـەر دەریـا هەرچـەندە زۆر بێـت هـەر دادەمرکێتەوە مادام ئـەم فـرت و فێڵـە سەرچاوەکەی شـەیتان بێـت و کـا و بایـە و لـە نـاو دەچێت، کە بە کەمترین هێرشی موجاهیدانی پێناوی خوا ئەتوێتەوە و نامێنێت، بە ئـاڵتون ناوی بردن بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بۆ بـە دەسـتهێنانی دونیـا ئـەوەیان کـرد چـونکە ئـاڵتون سونبولی هیچ و پووچی دونیایە کە خەڵکی بە دوایدا هەڵپەیان دێت، بە بـازن نـاوی بـردوون کە ئەوە دەگەیەنێت دەیانەوێت دەورەی موسوڵمانان بدەن و لە ناویان بەرن هەروەك چۆن بازن دەوری قۆڵ دەدات.[١٧]

پێنجەم: هەڵوێستی ئەبو بەکرﷺ لە پاشگەزبووان

هەر کە پاشگەز بوونەوە کەوتە ناوەوە، ئەبو بەکرﷺ هەسـتایە سـەرپێ و وتـارێکی بـۆ خەڵکەکە دا و سوپاس و ستایشی خوای کرد و وتی: سـوپاس بـۆ ئـەو خودایـەی ڕێنمـوونی کرد و بە تەواوەتی، بەخشی تا دەوڵەمەند بـوون و خـوای گـەورە کاتێـك محمـدیﷺ نـارد، زانیاری پرش و بڵاو بوو، ئیسلام نـامۆ و دەرکـراو بـوو، پـەتی باریـك بـوو، جلـی شـڕ بـوو، دۆستەکانی لیّ ون دەبوو، خوا لە جوولەکە و گاور زویـر بـووە توشـی خێریـان ناکـات لەبـەر چاکیان، خراپەشیان لیّ لا نادات لەبـەر خراپـی خۆیـان، گۆڕانیـان خـستە نـاو کتێبەکـەیان،

---

15 ـ البخاري (ژمارە: ٣٦٢١).

16 ـ حركة الردة (لا: ٦٦).

17 ـ حركة الردة (لا: ٦٦).

شتانێکیان تێکەڵ کرد کەتیای نەبوو، عەرەبەکان ژیانیـان ئاسایشە و ئـیتر وا دەزانـن خـوا دەیانپارێزێت، نەیپەرستن و هاواری تێ نەکەن، ژیانیان لێ تێـك دەدات، ئـایینی ڕاسـتیان لێ ون دەکات لە ناو ڕەقانی زەویدا لەگەڵ بوونی هەوردا.

خوای گەورە بە ڕەحمی خۆی دوایین پێغەمبەری لە ناویاندا هەڵخست و کردنی بە گەلێکی مامناوەند، بە شوێنکەوتووانی سەری خستن بەسەر کەسانی تردا، تا گیانی پێغەمبەرەکەی کێشا و دوای ئەوە هەندێکیان شەیتان سواری سەریان بوو پاش ئەوەی لێی دابەزیبوو، دەستی گرتن و هەلی لە ناوبردنیانی دەست کەوت.

﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّـٰكِرِينَ﴾ (ال عمران: ١٤٤)، واتە: محمد تەنها پێغەمبەرێکی خوایە و وەکو پێغەمبەرانی پێشووی خۆی وایە، ئەگەر بمرێت یان بکوژرێت پشتاوپشت هەڵگەڕێنەوە، هەر کەسێك هەڵگەڕێتەوە خوا هیچ زیان ناکات وپاداشتی سوپاس گوزارانیش دەداتەوە.

ئەم عەرەبـە دەشـتەکیانەی چـوار دەورتـان مـەڕ و بـزن و حوشـتری خۆیـانم لێ قەدەغـە دەکەن، هیچ کاتێك ئاوا دەست قوچاو نەبوون، ئێوەش هـیچ ڕۆژێـك هێنـدەی ئـەمڕۆ بـەهێز نەبوون بۆ هێرش بردن بە بەرەکەتی پێغەمبەرەکەتان کە دەیداتە دەسـت ئـەو خوایـەی لـە گومڕاییەوە بەرەو ڕێنمـوونی و لـە هەژاریـەوە بـەرەو دەوڵەمەنـدی بـردی: ﴿وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَـٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ (ال عمـــران: ١٠٣) واتە: ئێوە لە کەناری ئاگردا بوون و خوا ڕزگاری کردن لێی...

سوێند بەخوا واز ناهێنم لە جەنگ و جیهاد لە پێناوی خوادا تا خوای گەورە پەیمانەکانی دێنێتە دی، کێش دەکوژرێت با بکوژرێت و دەبێتە خاوەنی بەهەشت، خوای گەورەش جێنشین و بەرەکانی خۆی لەسەر زەوی دەهێڵێتەوە و فەرمانی خوایش ڕاستە، پەیمان شکێنی تیا نیە، ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِى لَا يُشْرِكُونَ بِى شَيْـًٔا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ (النور: ٥٥)، واتە: خوای گەورە پەیمانی داوە بەو باوەڕدارانەی کردەوەی چاکە دەکەن کە فەرمانڕەوایی زەویان دەداتە دەست و ئەو ئاینەی کە پێی ڕازی بووە بۆیان جێگیر دەکات و دەیانکاتە خاوەنی زەوی هەروەك چۆن بۆ پێش ئەوانیشی کردووە و ترس

و دڵە ڕاوكێیان دەگۆڕێت بۆ دڵنیایی، ئەم پەرستن و هاوەڵم بۆ پەیدا ناكەن و ئەوەی پاش ئەوە بێباوەڕ بێتەوە ئەوانە لە سنوور دەرچووانن.

هەندێ لە هاوەڵان... كە عومەریش یەكێك بوو لەوانە پێشنیاریان كرد بۆ خەلیفە واز لەوانە بهێنێت، كە زەكات نادەن تا باوەڕ دەچەسپێتەوە لە دڵیاندا پاشان دەیدەن بەڵام ئەو قبووڵی نەكرد.[18]

لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە كە دەڵێت: كاتێك پێغەمبەری خواﷺ كۆچی دوایی كرد و ئەبو بەكری صدیقرضي الله عنه بوو بە خەلیفە و عەرەبیش ئەوەی كافر بوویەوە كافر بوویەوە و عومەری كوڕی خەتتابرضي الله عنه بە ئەبو بەكری وت: چۆن جەنگ لەگەڵ خەڵكیدا دەكەیت؟ ئەی پێغەمبەری خواﷺ نەیفەرمووە: ((امرت ان اقاتل الناس حتى يشهدوا ان لا الـه الا الله، فمن قالها عصم مني ماله ونفسه الا بحقه وحسابه على الله))، واتە فەرمانم پێ دراوە لەگەڵ خەڵكی بجەنگم تا شایەتی دەدەن هیچ خوایەك نیە جگە لە (الله) و ئەگەر وتیان ئیتر خوێن وماڵیان لەسەرم قەدەغە دەبێت مەگەر بە هەقی خۆی و لێپرسینەوەشی لەسەر خوایە.

ئەبوبەكررضي الله عنه وتی: سوێند بە خوا دەجەنگم لەگەڵ ئەوانەدا جیاوازی دەكەن لە نێوان نوێژ و زەكاتدا، زەكات مافێكی سامانەكەیانە، سوێند بە خوا ئەگەر بزنە مێیەكم نەدەنێ كە كاتی خۆی بە پێغەمبەری خوایانﷺ داوە لەگەڵیاندا دەجەنگم.

لە ڕیوایەتێكی تردا: سوێند بە خوا ڕشۆیەكی حوشترم لێ بگرنەوە كە كاتی خۆی داویانە بە پێغەمبەری خواﷺ دەجەنگم لەگەڵیان.

عومەر وتی: سوێند بەخوا ئەوە خوای گەورە خستویەتیە دڵی ئەبوبەكرەوەو هەر ئەمەش ڕاستە.[19]

پاش ئەوە عومەررضي الله عنه دەیووت: سوێند بەخوا باوەڕی ئەبو بەكرﷺ بەرامبەر باوەڕی هەموو ئومەتە لە مەسەلەی جەنگانی دژی هەڵگەڕاوەكان.[20]

ئا بەم شێوەیە ئەبو بەكر لە گفت و گۆكەیدا هەندێ مەسەلەی فیقهی گرنگی بۆ عومەر ڕۆشن كردەوە، كە ئەو پەی پێ نەدەبرد، ئەویش ئەوە بوو كە ئەو ڕستەی لە فەرموودەكەی پێغەمبەرﷺ هاتووە و عومەر بە بەڵگەی نەجەنگان دەهێنێتەوە بەڵگەی جەنگانە دژی زەكات نەدەران ئیتر با شایەتمانیشی هێنابێت، ڕستەكەشی ئەمەیە: ((فاذا قالوها عصموا مني دمائهم واموالهم الا بحقها)).[21] واتە: ئەگەر شایەتمانیان هێنا ماڵ و گیانیان حەرام دەبێت مەگەر بە هەقی خۆی.

18- البداية والنهاية (٦:٣١٥).

19- البخاري (ژمارە: ٦٩٢٤). مسلم ژمارە: ٢. البداية والنهاية (٦:٣١٥).

20- حروب الردة، محمد أحمد باشميل (لا: ٢٤).

21- مسلم (ژمارە: ٢١).

هەر واش بوو، جەنگانی ئەبوبەکرﷺ دژی هەڵگەڕاوەکان ڕایەکی زۆر گرنگ بوو، ئەو ڕایەش بۆ ئەو ساتە وەختە لە بەرژەوەندی ئیسلام و موسوڵمانان بوو، چ ساتەوەختێك لەوە گرنگترە کە ڕووبەڕووی تیاچوون و تێك شکان و شکست و گەڕانەوە بۆ سەردەمی نەفامی ببیتەوە.

ئەگەر خواو پاشان ئەم بڕیارە یەکلاکەرەوەیەی ئەبوبەکرﷺ نەبوایە ئەوا مێژوو ڕێڕەوی دەگۆڕا و کاتژمێر بۆ دواوە دەگەڕایەوە و جارێکی تر نەفامی سەر زەوی گەندەڵ دەکردەوە.[٢٢]

بەڕاستی تێگەیشتنی وردی دەرکەوت دەربارەی ئیسلام و زۆری غیرەتی بۆ ئەم ئایینەو مانەوەی لەسەرچاوە ڕوونەکەی سەردەمی پێغەمبەرەکەی لەو وشەیەدا بەدی دەکرێت کە لە دڵیدا کۆ بوویەوەو لەسەر زمانی دەری بڕی، ئەوەش وشەیەکە خۆی دەدات لە وتارێکی درێژ و کتێبێکی گشتگیر و پڕ، ئەوەش ئەو دوو وتەیەی بوو کاتێك فەرمووی کە هەموو هۆزە عەرەبەکان دەیان وت ئیتر زەکات نادەین بە (بيت المال)! یان هەر دەریان نەدەکرد یان هەر باوەڕیان پێی نەمابوو: ((قد انقطع الوحي وتمّ الدين، اينقص وانا حي))،[٢٣] واتە: وەحی و سروش کۆتایی هات و ئاین تێر و تەسەل بوو، ئایا کەم و کورت بێتەوە کە من بەسەر زیندووم؟!

لە ڕیوایەتی عومەردا دەڵێت: وتم ئەی جێنشینی پێغەمبەری خواﷺ بە نەرم و بە سۆز بە لەگەڵ خەڵکی، ئەویش پێی وتم: ((أجبار في الجاهليّة خوّار في الاسلام؟ قد انقطع الوحي وتمّ الدين، اينقص وانا حي؟!)).[٢٤]

واتا: ئازا و دلێری لە سەردەمی نەفامیدا و کەچی ترسنۆکی لە ئیسلام؟ وەحی و سروش کۆتایی هات و ئاین تەواو کراوە، دەی ئایا کەم و کورت بکرێتەوە لە کاتێکدا من بەسەر زیندووم؟!.

ئەبو بەکرﷺ گوێ بۆ ڕاو بۆچوونەکانی هاوەڵان گرت سەبارەت بە پاشگەزبووەکان، بڕیاری جەنگی نەدا هەتا بە وردی گوێی بۆ ڕاو بۆچوونەکان نەگرت، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەو زۆر خێرا بوو لە یەکلایی کردنەوەدا و پاش ئەوەی ڕای ڕاستی لە لا ڕۆشن ببوایەتەوە بڕیاری خۆی دەدا و نەبوونی ڕاڕایی یەکێك بوو لە ڕەوشتە دیارەکانی ئەبو بەکر ـ ئەو خەلیفە مەزنە ـ لەهەموو ژیانیدا،[٢٥] هەموو موسوڵمانان هاتنە سەر قسەکەی و پاش ئەوەی ڕاستی ڕایەکەیان بۆ دەرکەوت.

---

22 ـ الشورى بين الاصالة المعاصرة (لا: ٨٦).
23 ـ المرتضى لأبي الحسن الندوي (لا: ٧٠).
24 ـ مشكاة المصأبيح، كتاب المناقب (ژمارە: ٦٠٣٤).
25 ـ الشورى بين الاصالة المعاصرة (لا: ٨٦).

ئەبوبەکری صدیقﷺ ئا لەم کاتە ناهەموارەدا و لەم زروفە کتوپڕە لە سەرسامیەدا، لە هەموو هاوەڵان زیاتر تێگەیشتوو بوو، بیر تیژتر بوو، خۆگرتر بوو، ئا لێرەوە سەعیدی کوڕی موسەیەب: دەڵێت: ((کان أفقههم))، لە هەموو هاوەڵان تێگەیشتووتر بوو، ڕاو بۆچوونیشی لە سەرووی هەموویانەوە بووە.[٢٦]

ئەبوبەکر لە هەموو هاوەڵان زیاتر بیری تیژتر بوو، چونکە لە ڕێگەی ئەو ئیمانەیەوە کە لە ئیمانی هەموویان زیاتر بوو، تێگەیشت کە زەکات لە شایەتمان جیا ناکرێتەوە، ئەوەی دان بە یەکتایی خوا دەنێت دەبێت دانیش بنێت بە زەکاتداو بزانێت مافێکە و لە سامانەکەیدایە کە لە ڕاستیدا هی خوای گەورەیە، ((لا الە الا الله)) وتن بەبێ زەکات دان هیچ کێشێکی نیە لە ژیانی گەلاندا، شمشێر و جیهاد بەرپا کراوە بۆ پارێزگاری لە دانی زەکات هەروەك چۆن بۆ پارێزگاری وشەی ((لا اله الا الله)) دانراوە و وەك یەکن کتومت، ئا ئەمەیە ئیسلام و جگە لەمە بە ئیسلام دانانرێت.[٢٧]

چونکە خوای گەورە هەڕەشەی سەخت ئاراستەی ئەوانە دەکات کە باوەڕ بە هەندێ لەقورئان دەهێنن وبێباوەڕن بە هەندێکی تری و دەفەرموێت: ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْىٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ (البقره: ٨٥)واتە: باوەڕ بەهەندێ لە قورئان دێنن و بێباوەڕن بە هەندێکی تر؟ دەی پاداشتی ئەوانەتان وا دەکەن چیە؟ جگە لە سەرشۆڕی لە دونیا و سزای سەخت لە دواڕۆژدا، بزانن خوایش بێ ئاگا نیەلە کردەوەکانتان.

هەڵوێستی ئەبوبەکرﷺ دابەزین و خۆ دان بە دەستەوە و چەن و چوونی تیا نەکرا، ڕایەکی دروست بوو کۆمەکی خوایی پێوە دیاربوو، مانەوەی ئەم ئایینە پاکە دوای خوای گەورە وەك خۆی بە پاکی و بێگەردی و خانەدانی (أصیل) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پیاوە بەرزەﷺ.

هەموو دان بەوەدا دەنێن و مێژوویش شاهێدە کە ئەبوبەکرﷺ بەرامبەر پاشگەزبووە سەرکەشەکان و ئەوانەی دەیانویست ئیسلام کەم کەم و دەنکە دەنکە فەرمانەکانی لە ناو بەرن و هەڵیوەشێننەوە، شێرانە وەستا بە جۆرێك کە چاوکردن بوو لە پێغەمبەران و نێردراوانی خوا لە سەردەمەکانی خۆیاندا، بە ڕاستی مافی تەواوی دا بەو جێنشینیەی کە

---

[26]- البدء والتأريخ للمقدسي (٥:١٥٣).
[27]- حياة أبي بكر، محمود شلبي (١٢٣).

لـه شـوێنی پێغەمبـەری خـواﷺ دانیـشتبوو بـەو شـێوەیەی موسـوڵمانان وەسـفی چـاكەی دەكەن و دوعای خێری بۆ دەكەن تا دونیا دونیایە.[٢٨]

شەشەم: نەخشەی صدیق بۆ پارێزگاری شاری مەدینە.

نوێنەری هەندێك لەو هۆزانەی كە زەكاتیان نەدەدا بە خەلیفە هاتن بـۆ مەدینـە ویـستیان صدیق ڕازی بكەن گوزەشتی لێ بكات و لێی بێدەنگ بێت، بەڵام ئەو هـەر لەسـەر ڕای خـۆی سـوور بـوو، ناچـار وەفـدەكان بـە نائومێـدی مەدینـەیان بـەجێ هێـشت، دوو شـتیان بـۆ دەركەوت:

١ـ مەسەلەی زەكات نەدان قسەی تیا ناكرێت و جێگای مشت و مڕ نیە، فەرمانی ئیسلام تیایـدا ڕوون و ئاشـكرایە بۆیـە هـیچ هیوایـەك نیەكـە جێنـشینی پێغەمبـەری خـواﷺ لێـی دابەزێت بە تایبەت پاش ئەوەی موسوڵمانانیش مەسەلەكەیان بـۆ ڕۆشـن بوویـەوە و پـشتی خەلیفەی خۆیانیان گرت.

٢ـ هەروەك دەبێت ئەو هەلە بقۆزنەوە كە موسوڵمانان لە حالـەتی شكستی و لاوازیـدان ـ بە گومانی ئەوان ـ و ژمارەیان كەم بۆتەوە و هێرشێكی ڕاماڵەر بكەنـە سـەریان وحكومـەتی ئیسلامی دەڕوخێنن و ئاینەكەش لە ناو دەبەن.

ئەبو بەكری صدیقرضي الله عنه نیشانەی غەدر و ناپاكی لە ناو چەوانیان خوێندەوە و بـێ نرخـی و هـــیچ و پوچـــیانی دەرك پێكـــرد، بۆیـــە بـــە هاوڕێكـــانی وت: ســـەر زەوی كـــافر بوونەتەوە،وەفدەكانیان ئێوە بە كەم دەزانن و ئێوەش چی دەزانن ئایا بە شـەو دەدەن بـە سەرتانا یان بە ڕۆژ؟! زۆر نزیك كەوتوونەتەوە لێتان ئەوانە بە تەما بـوون زەكـات نـەدانیان لێ قبووڵ بكەین، بەڵام لێمان قبووڵ نـەكردن، بـەڵێن و پـەیمانمان لەگـەڵیان ڕەت كـردەوە، خۆتان ئامادە باش بكەن و ئامادە بن.[٢٩]

بەم شێوەی خوارەوە پلانی داڕشت:

أ‌ـ پێویستی كرد لەسەر دانیشتوانی شاری مەدینە كە تا بەیانی لە مزگەوت بمێننـەوە تـا لە ئەو پەڕی ئامادە باشی دابن.

ب ـ پاسەوانی دانا بە هەموو چوار دەورەی شاردا، تـا بەرپەرچـی هـەر هێـرش و دان بـە سەرێكدا بدەنەوە.

ج ـ بەسەر پاسەوانەكانەوە فەرماندەی دانا وەك عەلی كوڕی ئەبو تالیب و زوبێری كـوڕی

---

[28] ـ المرتضى للندوي (لا: ٧٢).
[29] ـ تأريخ الطبري (٤:٦٤).

عەوام و تەلحەی کوڕی عبیداللە و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و عبدالحمن کوڕی عەوف و عبداللە کوڕی مەسعود(ڕ). [30]

د ـ ئەبوبەکرﷺ جوابی نارد بۆ هەموو ئەو هۆزانەی کە لەسەر موسوڵمانەتی ڕاوەستاو بوون وەك (ئەسلەم، غەفار، مزینە، ئەشجەع، جهینە، کعب) و فەرمانی پێدان بە خۆ ئامادەکردن بۆ جیهاد و غەزا لەگەڵ پاشگەز بووەکان ئەوانیش هاتن بە دەم داواکاریەکەیەوە، تاوای لێ هات شاری مەدینەیان پڕکرد و ولاغ و حوشتریان پێ بوو هەموویان خستە ژێر ڕکێفی صدیق. [31]

ئەوەی کە بەڵگەیە لەسەر زۆر چەکدار و حوشتری ئەو هۆزانەی کە بۆ کۆمەکی صدیق ناردیان، تەنها (جهینە) خۆی (٤٠٠) چەکدار بە هەموو کەرەستەیەکی پێویستەوە ناردبوو و (عەمری کوڕی مورەی جوهەینی) سەد حوشتری نارد بۆ کۆمەکی موسوڵمانان و ئەبو بەکریش دابەشی کرد بەسەر موسوڵماناندا. [32]

هـ ـ بۆ هەڵگەڕاوەکان لە شوێنە دوورەکان لە مەدینەوەن کە مەترسیان کەمتر بوو، بە نامە جەنگی لەگەڵ دەکردن کە هەروەك چۆن پێغەمبەری خواﷺکاتی خۆی دەیکرد نامەی دەنارد بۆ والی و فەرماندەی موسوڵمانان و تیایدا هانی دەدان بۆ ئەوەی بچن بە گژ پاشگەزبووەکاندا و هانی خەڵکەکەشی بدەن تا لەم کارەدا لەگەڵیاندا بن.

بۆ نموونە نامەی نارد بۆ خەڵکی یەمەن کە پێڕی پاشگەزبووی (الاسود العنسی) تیابوو، کە تیایدا نووسیبووی: پاشان، یارمەتی ئەو کوڕانە بدەن و چوار دەورەیان بدەن و لە دژی نەیارەکان هاوکاریان بن و گوێ بۆ (فەیرۆز) بگرن و لەگەڵی بن چونکە من کردوومە بە گەورەتان. [33]

ئەم نامەیە زۆر بەرهەم دار بوو، موسوڵمانە فارسەکان بە سەرۆکایەتی فەیرۆز و بە هاوکاری برا عەرەبەکانیان هێرشیان بردە سەر هەڵگەڕاوە سەرکەشەکان تا خوای گەورە پیلانەکانی پوچەڵ کردنەوە و یەمەن کەم کەم گەڕایەوە سەر ڕێگەی ڕاست. [34]

و: بەڵام ئەوانەی لە شاری مەدینەوە نزیك بوون وەك عەبس و زبیان، چاری نەبوو جگە لەوەی ڕووبەڕوویان ببێتەوە لەگەڵ ئەو وەزع و بارە ناهەموارەدا کە شارەکەی پێغەمبەری خواﷺ پێدا تێدەپەڕی کە ژن و منداڵەکانیان دەبردە ناو قەڵا و دۆڵەکان بۆ ئەوەی لە شەڕ

---

30 ـ هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
31 ـ الثابتون على الإسلام أيام فتنة الردة، د. مهدي رزق الله (لا: ٢١).
32 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
33 ـ بدء التأريخ للمقدسي (٥:١٥٧).
34 ـ حركة الردة (لا: ١٣٩).

و خراپەی هەڵگەڕاوەکان بە دوور بن،[٣٥] خۆی و ئەوانەی دەوروبەری ئامادە کرد بۆ جەنگان دژیان.

حەفتەم: نسکۆی هەڵگەڕاوەکان لە گرتنی شاری مەدینە.

لەپاش سێ ڕۆژ گەڕانەوەی وەفدی پاشگەزبووەکان لەمەدینە هەندێ لە هۆزەکانی ئەسەد و غەتفان و عەبەس و زەبیان و بیکر دایان بەسەر شاری مەدینەدا بە شەو هەندێکیان وەك پاڵپشت لە ناوچەی حوسا هێشتەوە، پاسەوانانی دەوری شار هەستیان بەمە کرد و خێرا ئەبو بەکریان لێ ئاگادار کرد، ئەویش پێی وتن لە جێی خۆتان بمێننەوە، ئەوانیش مانەوە، لارزنگیان دا لە حوشترەکانیان دەرچوون دوژمنانیش هەڵاتن، موسوڵمانەکانیش شوێنیان کەوتن تا گەیشتنە ناوچەی حوسا، دەستەی بێباوەڕان لەوێ بوون بۆیان دەرپەڕین، فێڵیان لە موسوڵمانەکان کرد بۆ ئەوەی حوشترەکانیان بترسێنن گۆزەیان هێنا بەت بەستبویانەوە کاتێك حوشتری موسوڵمانەکان نزیك بوونەوە پاڵیان نا بە گۆزەکانەوە بەڕووی موسڵمانەکاندا، حوشترەکان پشتاوپشت گەڕانەوە دواوە، سوپای موسوڵمانەکان پەلاماریان دان و ئەوانیش هەموو هەڵاتن و هەرچیان پێ بوو بەجێیان هێشت و موسوڵمانەکان هەموو حوشترەکانیان دانەبەر و بە دەستکەوتەوە گەڕانەوە بۆ مەدینە و کەسیان لێ نەکوژرا و برینداریشیان نەبوو.[٣٦]

کۆمەڵێك گومانیان وابوو موسوڵمانەکان لاواز بوون ئەو هەواڵەشیان نارد بۆ خەڵکی (ذو القصة) ئەوانیش بە پێی ئەو هەواڵە بەڕێ کەوتن و هەستیان نەکرد کە خوای گەورە نیازی دیکەی هەیە، پێی خۆش بوو بیانخاتە داوەوە، ئەو شەوە ئەبو بەکر خۆی ئامادەکرد و موسوڵمانانیشی ساز کرد، ئیتر بەو شەوە کەوتنە ڕێ، لە لای ڕاستی سوپاکەی نوعمانی کوڕی موقرین و لە لای چەپیشەوە عبدالله کوڕی موقرین، لەبەر دەمیشەوە سویدی کوڕی موقرین بە سوارچاکانەوە لە بەرەبەیاندا دەبینن لەگەڵ دوژمناندا بەرامبەر یەك وەستاون، هەڵگەڕاوەکان هەستیان بە وتە و جووڵەی موسوڵمانەکان نەکرد تا هەڵیان کوتایە سەریان و شمشێریان لێ ڕاستکردنەوە تا ڕۆژ بوویەوە بەردەوام دەجەنگان خۆر سەری دەرهێنابوو بە تەواوی هەڵگەڕاوەکان پشتاوپشت گەڕانەوە و ڕایان کرد، بە تەواوی سەرکەوتن بە سەریاندا و لەو شەوەدا (جبال) کوژرا کە برای (طليحة الاسدي) بوو، ئەبو بەکر کەوتە دوایان تا گەیشتنە (ذو القصة) و لەوێ خۆی گەڕایەوە بۆ مەدینە و نعمانی کوڕی مقرینی لەگەڵ کۆمەڵێك موجاهیددا لەوێ دانا، بەنو زوبیان و عەبس پەلاماری ئەو ژمارە کەمەی موسوڵمانەکانیان دا و پاش شەڕ و تێکالان هەموویان شەهید کردن، هەڵگەڕاوەکان ئەم

---

[35]- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[36]- تأريخ الطبري (٤:٦٧).

کاره ناڕەوایەیان کرد و ئەبو بەکریش زۆری پێ ناخۆش بوو، بۆیە سوێندی خوارد، ئەبێت ئەوانە هەموویان بکوژرێن و لە هەموو قەبیلەیەکیان کە موسوڵمانەکانیان کوشتووە، بە ژمارەی موسوڵمانە کوژراوەکان و زیاتریشیان لێ دەکوژین.[٣٧]

ئەبو بەکر بڕیاری خۆیدا کە تۆڵە بۆ ئەو موسوڵمانە شەهیدانە بکاتەوە و دەرسێکی چاکی ئەو بێباوەڕانەش دابدات و پاشانیش سوێندەکەی خۆی بردە سەر، موسوڵمانانی هۆزەکانیش زیاتر لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام دامەزراو بوون و بێباوەڕانیش زیاتر لاواز و سەر شۆڕ و بێ نرخ بوون.

ئیتر زەکاتی هۆزەکان داباری بەسەر شاری مەینەدا کەسانی دەوڵەمەندی وەك: صەفوان و زبرقان و پاشان عەدی، زەکاتیان گەیشتە ناو شار، ئەوەی صەفوان لە سەرەتای شەودا و ئەوەی زبرقان لە نیوەی شەودا و ئەوەی عەدی لە کۆتایی شەودا گەیشت،[٣٨] لە یەك شەودا مەدینە زەکاتی سێ هۆزی گەورەی عەرەبی پێ گەیشت.

هەر کە یەکێك دەردەکەوت، زەکاتی هۆزەکەی دەهێنا خێرا خەڵکەکە دەیان وت: ترسناکە، ئەبو بەکریشﷺ دەیوت: نەخێر بەڵکو (موژدە هێنەرە) و هەر ئەوەندەیان دەزانی بە زەکاتی هۆزەکەیەوە دەگەیشتە بەرەوە، خەڵکەکەش بە ئەبو بەکریان دەوت: زۆر جار موژدەی خۆشت پێداوین.[٣٩]

ئا لەم کاتە خۆشە مژدە بەخشانەدا کە بوو بووە مایەی دڵخۆشی خەڵکی و دەوڵمەندی خەزێنەی موسوڵمانان، سوپای ئوسامەیش بەسوپا سەرکەوتووەکەیەوە گەڕایەوە، بەو شێوەیەی کردبوو کە پێغەمبەری خواﷺ کاتی خۆی پێی ووتبوو و پاشانیش ئەبو بەکر ﷺئامۆژگاری کردبوو.[٤٠]

ئەبوبەکر لە شوێنی خۆی کردی بە بەرپرسی شاری مەدینە و بە سەربازانیشی وت: بحەوێنەوە و تەزوویەکی پشتتان دەربکەن.[٤١]

پاشان لەگەڵ کۆمەڵێك موجاهیددا بەرەو (ذوالقصة) کەوتنە ڕێ و موسوڵمانەکان پێیان وت: بۆ خوا پێت دەڵێین ئەی جێنشینی پێغەمبەری خواﷺخۆت تووشی مەترسی مەکە؟! چونکە ئەگەر تۆ لەناو بچیت یاساکان تێك دەچن و ئێ مانی تۆش بۆ سەر دڵی دوژمنان زۆر سەختە لە باتی خۆت پیاوێك دابنێ ئەگەر تیاچوو، کەسێکی تر، ئەبو بەکریش وتی: نا سوێند بە خوا شتی وا ناکەم من بە خۆم دڵی ئێوە شادمان دەکەم.[٤٢]

---

37 ـ تأريخ الطبري (٤:٦٦).
38 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
39 ـ تأريخ الطبري (٤:٦٧).
40 ـ الصديق أول الخلفاء للشرقاوي (لا: ٧٥).
41 ـ تأريخ الطبري (٤:٣٧).
42 ـ تفسير الطبري (٤:٦٧).

ناو كڕۆك و كانزای ئەبو بەكر لە كاتی كارەساتی هەڵگەڕانەوەدا بە جوانترین شێوە دەركەوت لە وێنەی سەركردەیەكی باوەڕدار كە لە پێناوی گەلەكەیدا خۆی دەكاتە قوربانی، سەركردە لە فەرهەنگی موسوڵماناندا سەرمەشقە لە كارەكانیدا، لە ئاسەواری ئەم سیاسەتە ڕاستگۆیانەیەوە توانی موسوڵمانەكان بەهێز بكات و هانیان بدات بۆ جەنگان دژی دوژمنانیان و ئەوانیش گوێڕایەڵی هەموو فەرمانێك بوون لە سەركردایەتیەوە بۆیان دابەزێت.[43]

لەگەڵ سوارەكانیدا بەرەو (ذي حوسا وذو القصة) كەوتنەڕێ و نعمان و عبدالله و سوید هەروەك جاران بوون لە ناو سوپاكەدا، تاگەیشتە ناوچەی ڕەبەزە لەئەبرەق و خوای گەورە حارس و عەوفی تێكشكاند (حطيئة) شیان بە دیل گرت، هۆزی عەبەس و بەنو بەكر تێیان قوچاند و ئەبو بەكر چەند ڕۆژێك لە ئەبرەق مایەوە، دەبینێت بەنو زوبیان دەستیان گرتووە بەسەر وڵاتدا وتی: حەرامە لەسەر زوبیان كە ئەم وڵاتەیان لەژێر چنگدا بێت كە خوای گەورە غەنیمەی ئێمەی كردووەو دەری كردن.

لەو ڕۆژە بەدواوە هەڵگەڕاوەكان دەستیان نەڕۆیشت ولەو دەرگایەوەی لێی چووبوونە دەرەوە، لێوەی هاتنە ژوورەوە و لە هەموو خەڵكی بورا و لە هەموو شتێك گوزەشت، (بنو ثعلب)ە هاتنەوە و وتیان دێینەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆمان، ئەبو بەكر نەیهێشت، ئەوانیش هاتن بۆ مەدینە و بە ئەبو بەكریان وت: لەسەر چی ماڵ وحاڵ و زەوی خۆمانمان لێ قەدەغە دەكەیت؟! وتی: درۆ ئەكەن، ڵاتی ئێوە نیە، بە من بەخشراوە و من ڕزگارم كردووە و لێیان زویر نەبوو، ناوچەی ئەبرەقی كرد بە قاغە بۆ لەوەڕاندنی وەڵاخی موسوڵمانان، ناوچەكانی تری ڕەبەزەی كرد بە لەوەڕگای وڵاخ و مەڕ و ماڵاتی (بنو ثعلبة)، پاش ماوەیەك هەمووی كرد بە موڵكی (بيت المال)ی موسوڵمانان ئەوەش بە هۆی شەڕ و ناكۆكیەوە بوو لە ناو خۆیاندا بەرپایان كرد لەگەڵ كۆكەرەوانی زەكاتدا.

ئا بەم شێوەیە موسوڵمانان لە سیرەتی ژیانی ئەبو بەكرەوە رضي الله عنه ئەوە فێر دەبن كە هەرگیز گیانی خۆی لە گیانی شوێنكەوتوانی خۆشتر نەویستووە لە هیچ شتێكی دونیاییدا، ئیش و كاری موسوڵمانان لەو ڕۆژەوە تێك چووە كە بە داخەوە سەركردایەتی بە هۆكاری بەرز بوونەوە دەزانن و بەدەرگایەك بۆی دەڕوانن كە لێیەوە دەستكەوتیان دەست بكەوێت و خراپەیان لێ دوور بخاتەوە و لەپێناو بێ وەیدا، لە پشت میكرۆفۆنەكانی هۆكارەكانی ڕاگەیاندنەوە یان لە ژووری كۆبوونەوەكانەوە بڕیار و قسەكانی پێشكەش دەكات و ئیتر هیچ بەشداریەكی ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەیەكیان نیە لە ناو مەسەلە گەورە و گرنگەكانی گەلەكەیدا.[44]

دەرچوونی ئەبو بەكر رضي الله عنه سێ جار لەسەر یەك بۆ جیهاد و بەرەكانی جەنگ، ئەوپەڕی

---

43 ـ حركة الردة (٣١٩).

44 ـ حركة الردة (٣٢١).

مانـای قوربانیـدان و گیـان فیداییـه، کەموسـوڵمانەکان تکایـان لێ دەکـرد کـە لـە مەدینـە بمێنێتەوە و لە باتی خۆی کەسێك بکات بە سەرکردەی جـەنگاوەرەکان بـەڵام ئـەو قبـووڵی نەدەکرد و دەیوت: نا، سوێند بە خوا واناکەم ومن بـە ئامـادەیی خـۆم دڵـی ئێـوە خـۆش و ئاسوودە دەکەم، ئەمەش مانای ئەوپەڕی خۆ بەکەم زانینـی دەگەیـەنێت، بـە گرنگـی دانـی زۆری بە بەرژەوەندی گەلەکەی، خۆ نەویستی و بەو کارەی توانی ببێتە سەرمەشقێکی چاك بۆ کەسانی تر، کە گومانی تێدا نیە کە خەلیفەی موسـوڵمانان بێـت و تەمـەنی لـە سـەرووی شەست ساڵیەوە بێت و سێ جـار لەسـەر یـەك دەربـچێت لەگـەڵ سـەربازەکانیدا بـۆ جیهـاد ئەوپەڕی وزە بەخشین و غیرەت پێدانە بۆ هاوڕێکانی.[٤٥]

لە یەکێك لە ڕیوایەتەکاندا هاتووە کاتێـك چـراری کـوڕی ئـەرز هـەواڵی پێـدا کـە (طليحـة الاسدي)کۆبوونەتەوە دژمـان، دەڵێـت: کەسـم نـەدیوە پـاش پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەك ئـەو خۆی ساز داو خۆی تێکـدا لـە پێنـاو ئامادەکاریـدا، وەك ئـەوەی پێمـان وتبێـت ئـەبێت تـۆ بڕۆیت بۆیان.[٤٦]

ئەم وەسف گەورەیە بۆ ئەبو بەکر رضي الله عنه لـە یـەقین و ئەوپـەڕی دڵنیاییـەوە بـوو، متمانـەی تەواوی بە هاتنەدی سەرجەم بەڵێن و پەیمانی خـوا بـۆ دۆسـتانی بـا سەرخـستنیان بەسـەر دوژمناندا و جێگیرکردنیان لەسەر زەوی، خۆ ئەبو بەکر رضي الله عنه بە کردەوەی زۆر گەورە پێـشی هاوەڵان نەکەوتووە، بەڵکو پێشیان کەوت بە کێوێك لە یەقینی و دڵنیاییەوەش.[٤٧]

دەگێڕنەوە کاتێك پێیان وت: ئەوەی بەسەر تـۆدا بـاریوە ئەگـەر بەسـەر کێوەکانـدا یـان بەسەر دەریاکاندا دابارییایە لە ناوی دەبرد کەچی تۆ لاواز نەبوویت.

لە وەڵامدا وتی: لە دوای شەوەکەی ئەشکەوتی (الثور)ەوە دڵـم ئاگـای ترسـی نـەزانیوە، پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك زانی من دڵتەنگم ووتـی: پێویـست بـەوە ناکـات ئـەی ئـەبو بـەکر، خوا خۆی بەڵێنی داوە ئەم کارە دەگەیەنێتە ئەنجام.[٤٨]

لەگەڵ ئەوەشدا کـە ئازایەتیـەکی سروشـتی تێـدا بـووە، خـاوەنی ئازایەتیـەکی ئـاییینیش بووە، هێزێکی دڵنیایی و یەقینی تەواوی بە خوای (عز وجل) و متمانەی تـەواوی هـەبوو کـە خوای گەورە ئەو و موسوڵمانان سەردەخات، ئەم جۆرە غیرەت و ئازایەتیەش بۆ هیچ کەس نیە جگە لە کەسانی شێر دڵ، کە زیاد بکـات بـە زیـاد بـوونی ئیمـان و کـەم بکـات بـە کـەم بوونی.

صدیق رضي الله عنه لە هەموو هاوەڵان زیاتر چاو نەترس بووە، بە جۆرێك کەسێك لەوان لەو

---

45 ــ التأريخ الإسلامي للحميدي (٩:٤٨).

46 ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

47 ــ التأريخ الإسلامي للحميدي (٩:٤٨).

48 ــ هەماان سەرچاوەی پێشوو.

بوارەدا نزیکیشی نەبۆتەوە.[٤٩]

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ نوێبوونەوەی ئیمان
imanonekurd@yahoo.com

[49] ـ أبو بكر أفضل الصحابة وأحقهم بالخلافة (لا: ٦٩).